## پڕۆژەی حەزە وردیلەییەکان ....3



# جگەرە و حەز

## جەزا چنگیانی

- تکایە جگەرەیەکم بدەریٚ .
- زۆر دەمێکە سەرنجت دەدەم نە تەپڵەکی جگەرەت لە بەردەمدایە و نە پاکەت و شقارتە ..تۆ جگەرە کێش نیت ... جگەرەت بۆ چیە ؟ هەمووی زەهرە .
- من جگەرە کێش نیم ...دەزانم جگەرە گشتی زەهرە . دەمەوێت ئەمشەو ئەو زەهرە بنۆشم ... تا بە هۆیەوە لە تەك تۆدا قسە بکەم وبتناسم .
- بۆ جگەرە ؟؟؟؟ ڕێگەی ترت شك نەبرد ؟
- جگەرە ئاسنترین و هەرزانترین و بیٚ شەرمترین داخوازی و ڕێگەیە . من دەگەیەنیتە لای تۆ ... من دڵنیام ئەگەر داوای قوومیٚ لە شەرابەکت بکەم . پەسەندی ناکەیت . ئەگەر بیٚ جگەرە داوای گفتوگۆت لێبکەم . سەربادەدەی ..ئەگەر ڕاستە وخۆ بڵێم حەزم لە ماچێکی لێوتە . نەك پەسەند ... توڕە .. زللەیەکم لێدەدەی . خۆ ئەگەر بەڕاشکاوی باسی حەزی سیکس و ماچ و تەکان ویستی ڕۆحی خۆمت بۆ بکەم . ئەوە لەم بارەدا تووڕم دەدەی ؟ کەواتە .. جگەرە ئاسانترین . هەرزانترین . کورترین . پردە من دەگەینێتە لای تۆ .. جگەرەیەکم بدەریٚ . با پێکەوە ئەو زەهرە بۆ ساتیٚ بە سییەکانماندا بپژێنین و بە هەردووکمان چەند ڕستەیەکی گفتۆگۆ هەڵبەستین .. گۆڵاوی ڕۆح بە ڕووی چرکە تەنیاییەکانماندا بپژێنین.. بەڵام تۆ جوانییەکەت... باسی خۆشەویستیم بۆ بکە نەك سیاسەت .

2005/01/18 فرانکفۆرت

jazachingiani@hotmail.co

www.chingiani.de